KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 700 20 March 2017

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdi tanukurd.org info@kurdi tanukurd.com
www.kurdch.tv Yahsat 1A @ 52.5° MHz 12.072
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# دوو هەیئەتی ڕێبەریی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە



دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سکرتاریای حیزبی دیموکرات کۆبوونەوە.

باسی سەرەکیی ئەو کۆبوونەوەیە ئەوە بوو کە چی بکرێ خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەتینتر بێ و پرسی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران‌دا ببێتە فاکتەر و بەڕۆژەڤ بکرێ.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ی ڕەشەممە هەیئەتێکی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە سەرپەرستیی سەید ئیبراهیم عەلیزادە، دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە سەردانی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

لەو دیدار و کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵە بابەتێکی سیاسیی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ئێران و ناوچە وەک، ڕەوشی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە کوردستانی ئێران، پرسی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و شووراکانی شار و لادێ لە ئێران لە ساڵی دادێ، گوتار و سیاسەتی کابینەی نوێی ئەمریکا و کاریگەریی لەسەر سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی، پرسی پێوەندیی هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕی داعش و باسی ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانە لە هەرێمی کوردستان لە نێوان هێزە کوردییەکان‌دا تەوەری سەرەکیی ئەو باسانە بوون کە لەو کۆبوونەوەیەدا هاتنە بەرباس و ئاڵوگۆری بیروڕایان لەسەر کرا.

# بەشداریی د. ئاسۆ حەسەن زادە لە دیداری ساڵانەی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی



لە پێنجەمین دیداری سلێمانی‌دا کە لە ڕۆژەکانی ٨ و ٩ ی مارسی ٢٠١٧ لەژێر سەردێری "دوای داعش: ڕێگاچارەی پایەدار بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ و کێشە یەک لەدوای یەکەکان" بەڕێوە چوو، د. ئاسۆ حەسەن زادە لەسەر بانگهێشتی زانکۆی ئەمریکیی عیراق لە سلێمانی بەشدار بوو.

لە پەراوێزی پانێلەکانی ئەم دیدارەدا د. ئاسۆ حەسەن زادە لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی ئەکادیمی و میدیایی و بەرپرسانی سیاسیی کورد و عیراق و دیپلۆماتە بیانییەکانی بەشدار لەم گردبوونەوەیەدا دیدار و گفتگۆی هەبوو و سەبارەت بە خەباتی حیزبی دیموکرات و پێویستیی ئاوڕدانەوەی زیاتر لە پرسی کوردی ڕۆژهەڵات قسەی لەگەڵ کردن. ناوبراو هەروەها لەگەڵ بەرپرسانی عیراقی و ئەندامە کوردەکانی پارلمانی عیراق سەبارەت بە پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ پەسندکردنی پرۆژە یاسایەک بەدژی پارتە سیاسی‌یەکانی کوردی ڕۆژهەڵات قسەی کرد و داوای لێ کردن ڕێگا نەدەن وەها نیازێک تێپەڕێ.

هەر لە پەراوێزی دیداری سلێمانی‌دا کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ژمارەیەک ڕاوێژکاری ئیدارەی نوێی ئەمریکا بۆ د. ئاسۆ حەسەن زادە ڕێکخرا و ناوبراو بانگهێشتی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک شرۆڤەکار و ئەکادیمیی کورد و بیانییش سەبارەت بە پرسی کورد لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان کرا.

# بەشداری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست



ڕاپۆرتی بەشداری یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست کە لە ناوەندی قیبریس و لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا بەڕێوەچوو.

لەسەر بانگهێشتی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست، شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە بەشداری کرد لە کۆنفرانسی ساڵانەی IUSY لە وڵاتی قیبریس.

ئەم کۆنفرانسە کە ڕۆژی شەممە ١١ی مارس لەشاری نیکۆزیا و لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان‌دا بەڕێوەچوو، بە وتاری سکرتێری گشتی ئێنترناسیۆناڵ ئەلێساندرۆ پیرێسی کرایەوە و پاشان ڕێکخراوەکانی بەشدار لە کۆنفرانس را و سەرنجەکانیان سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کێشەکانی ئیسرائیل و فەلەستین، قیبریسی شومالی و جنوبی و هەروەها کوردستان و تیرۆریزمی سپای پاسداران خستە روو.

شایەنی باسە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاقە ڕێکخراوی کورد بوو کە بەشداری ئەم کۆنفرانسە بوو. لە ماوەی کاری ئەم کۆنفرانسەدا، لەپانێلێکی تایبەتدا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، پێشەوا عەلی پوور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات پەیامێکی پێشکەش کرد

لە پەیامی سکرتێری گشتیی لاوان‌دا، باسەکانی هەموو بەشەکان بە پێی دەرفەت لەو کۆنفرانسە هاتنە گۆڕێ و باسی دەستبەسەکرانی پاڕلەمانتارانی کورد لە تورکیە و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و کۆڵبەرانی سنوور و زیندانیانی سیاسی و هەروەها دۆخی محەمەد سەدیقی کەبودوەند، باوکی مافی مرۆڤی کوردستان لەو بابەتە گرنگانە بوون کە پێشەوا عەلی پوور لەو کۆنفرانسە تیشکی خستنەسەر.

لە پەراوێزی کاروباری کۆنفرانسدا شاندی یەکیەتیی لاوان لەگەڵ لاوانی وڵاتانی سەحرا، لوبنان، ئیسرائیل و فەلەستین چاوپێکەوتنیان هەبوو و لەگەڵ هەموویان دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران و ئاژاوەگێڕی دەوڵەتی ئێران لە ناوچەدا باسکرا.

بریارنامەی کۆتایی کۆنفرانس بە داکۆکی‌کردن لە زنیدانیانی سیاسی لە ئێران و تورکیە و هەروەها پشتگیری کردن لە محەمەد سەدیقی کەبودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبێل لەلایەن لاوانی ئێنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست کۆتایی پێهات.


شایەنی باسە یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاقە ڕێکخراوی کوردیی بەشدار لەم کۆنفرانسە بوو.

# پانۆڕامای نەورۆزی جامانەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان







# ٨ ی مارس لە لایەن یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە بەرز ڕاگیرا



سەرلە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ٨ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان سمینارێکی بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان بەڕێوەبرد.

لەو سمینارەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو تامان چووکەڵی خوێندرایەوە و پاشان خاتوو عیسمەت نستانی، کەسایەتی دیار و چالاکی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەژێر ناوی» جەنگ و هەوڵە یاساییەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ پاراستنی ژنان « پێشکێش کرد.

خاتوو عسمەت نستانی لە باسەکەی‌دا پەڕژایە سەر ئاسەواری جۆراوجۆری شەڕەکان، بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بەتایبەتی ژنان و ، لەوبارەوە گوتی؛ هەمووکات قورسایی شەڕو جەنگەکان کەوتوەتە سەر شانی ژنان و لەچەندین ڕەهەندەوە زیانیان وەبەرکەوتووە و هەروەها ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان وێڕای پێداگریی کردن لەسەر پاراستنی خەڵکی مەدەنی و بەتایبەتی ژنان داواکارن کە تەنانەت لە کاتی دانوستانەکانیش‌دا دەبێ ژنان بەشدار بن.

دوایین بڕگەی کاری ئەو سمینارە دەستخۆشی بوو لە ئەندامێکی ئەو یەکیەتییە بە ناوی نەسرین یوسفزادە کە لەم دواییانەدا کتێبێکی لە ژێر ناوی کۆڵانەکەمان نووسیبوو.

# ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتی ژنان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک بەرز ڕاگیرا



پاشنیوەرۆی ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمە لە یەکێک لە سالۆنەکانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێورەسمێکدا ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دیموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە خاتوو سۆهەیلا قادری خوێندرایەوە و دواتر دکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامی خۆی و دەفتەری سیاسیی حیزبی بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن خاتوو شەونم هەمزەیی، پەخشانە شێعرێک لەلایەن خاتوو تریفە فاتحی، پێشکێشکردنی چەند سروود و گۆرانی لەلایەن کۆرسی کچان و ژنانی یەکیەتیی ژنان و پێشمەرگەی دەنگخۆش هێمن کەریمی‌و پێدانی ڕێزنامە بە هاوکارانی ئەو یەکیەتییە چەند بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بوون.

ئەو ڕێورەسمە بە گۆرانییەکانی پێشمەرگە ڕێبوار حسێنی و هەڵپەرکێی گشتی کۆتایی پێ‌هات.